https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2251.5

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# البدر السيوفي الأربلي (٨٥١–٩٢٥ك/١٤٤٧–١٥١٨ز)
# ڕۆڵی لەزانست و فتوا

م. ی. سازگار عثمان یحیی
زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێژی ئاداب/ بەشی مێژوو
sazgar.yahya@su.edu.krd

**پوختە:**

ئەم توێژینەوە مێژووییە بە ناونیشانی البدر السيوفي الاربلي (٨٥١-٩٢٥ک/١٤٤٧-١٥١٨ز) ڕۆڵی لە زانست و فتوا. توێژینەوەیەکە لەبارەی ڕۆڵی ئەو فەرمایشتزانە کوردە، وەک کەسایەتییەکی بەناوبانگ ماوەی سی ساڵ موفتی حەلەب بووە، پێگەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگەی حەلەبی لەسەر ئاستی خەڵکی گشتی و لای کەسایەتییە پلەبەرزەکان هەبووە، لەماوەی ژیانی خزمەتی بەرچاوی پێشکەش بە شارستانیەتی ئیسلامی لە کۆمەڵگای حەلەبی کرد. ئەم توێژینەوە سەرەڕای پێشەکی و ئەنجام. سێ تەوەرەی سەرەکی لەخۆدەگرێت. تەوەرەی یەکەم تایبەتە بە ژیننامە و کەسایەتی ناوبراو. هەرچی تەوەرەی دووەمە پێگەیشتن و پێگەیاندنی لە زانستدا لەخۆگرتووە. تەوەرەی سێیەم تایبەتکراوە بەپێگەی ئەو زانایە لە کۆمەڵگای حەلەبی.

وشە کلیلییەکان: البدر السيوفى، موفتی، فەرمایشت، حەلەب.

**البدر السيوفي الأربلي (٨٥١-٩٢٥ك/١٤٤٧-١٥١٨ز)**

**ڕۆڵی لەزانست و فتوا**

**پێشەکی:**

شاری حەلەب بە درێژایی مێژووە کۆنەکەی مەڵبەندی کۆبوونەوەی زانایان بووە، لەنێویشیاندا زانایانی کورد کە ڕیشەیەکی مێژوویی کۆنیان لەم شارە هەیە، تەنانەت ئەم شارە شوێنی لەدایکبوون و پێگەیشتنی چەندین زانای ناوداری کورد بووە. دیارخستنی ڕۆڵی کەسایەتییە کوردەکان لە مێژوو و شارستانەتی ئیسلامی گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە. هەر لەم ڕوانگەیەوە (البدر السيوفي الاربلي) کە فەرمایشتزان و موفتیەکی ناوداری بە ڕەسەن کورد بووە، خودان پێگەی تایبەتی بووە، لەنێوەندە زانستی و ئیدارییەکانی شاری حەلەب خزمەتی کردووە و ڕۆڵی خۆی گێراوە لە ڕێزی پایەبەرز و پیاوماقوڵانی شارەکەی هەژماردەکرا، وەک کەسایەتییەکی پایەبەرز ناوبانگی ڕۆیشتبوو.

بەشێک لە گرنگیی هەر بابەتێکی توێژینەوە لەوەدایە بابەتەکە نوێ بێت، پێشتر گرنگی پێنەدرابێت. یەکێک لەو زانایانەی هەولێر لە توێژینەوەکانی پێشوو گرنگی پێنەدرابوو و لە دووتوێی سەرچاوە مێژووییەکان دەقی مێژوویی تایبەت بە وردەکارییەکانی ژیان و تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی و پێگەی ئەم زانایە پارێزراون و لە هیچ توێژینەوەیەک باس نەکرابوو، پێویستی بە هێنانەبەرباس و ساغکردنەوە و لێکدانەوە هەبوو، پێویست بوو لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی سەربەخۆ بخرێتەڕوو. ئەم توێژینەوەیە تەرخانکراوە بۆ دیارخستنی ڕۆڵی فەرمایشتزان و موفتییەکی ناوداری کوردی نیشتەجێی حەلەب. سەرەڕای پێشەکی و ئەنجام، سێ تەوەرەی سەرەکی لەخۆدەگرێت. تەوەرەی یەکەم تایبەتکراوە بۆ ژیننامەی ئەو زانایە، هەر لەناو و نازناو و ڕەچەڵەکی و

تایبەتمەندییەکانی جەستەیی و کەسایەتی. ئەوەی تایبەتە بە تەوەرەی دووەم ژیننامەی زانستی لەخۆگرتووە لە پێگەیشتن و پێگەیاندنی زانستی. تەوەرەی سێیەم پێگەی ئەو زانایەی لەخۆگرتووە هەر لە پێگەی لەنێو کۆمەڵی زانایانی شاری حەلەب و پێگەی لە فتوادان.

وەکو لە نازناوی دەردەکەوێت لە بنەڕەتدا خەلکی هەولێر بووە. فەرمایشتزان و موفتییەکی ناودار بووە، بۆیە بە پێویستمانزانی بیکەینە بابەتی توێژینەوە، ئەمەش بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنێکی گرنگ لە مێژووی کورد. بۆ نووسنی ئەم بابەتە بە پلەی یەکەم سوود لە کتێبی (در الحبب في تاريخ أعيان حلب)ی مێژوونووس (ابن الحنبلي م:٩٧١ک/١٥٦٣ز) وەرگیراوە. مێژوونووس سەرگوزشتەی ژیانی (البدر السيوفي) بە تەواوی وردەکارییەکانی خستووەتەڕوو. هەروەها کتێبی (الضوء اللامع لأهل القرن التاسع)ی مێژوونووس (السخاوي م:٩٠٢ک/ ١٤٩٧ز)، لەگەڵ کتێبی (الكواكب السائرة بأعيان المائة العاشرة)ی (الغزي ت:١٠٦١ک/ ١٦٥٠ز) سەرەڕای هەندێک سەرچاوەی دیکە کە لە لیستی سەرچاوەکانرێکخراون.

## تەوەری یەکەم: ژیننامەی البدر السيوفي الاربلي

### یەکەم: ناو و نازناو و ڕەچەڵەکی

ناوی (حسن بن علي بن يوسف بن المختار الاربلي الاصل (الحصكفي(١)) الحلبي الشافعي). لە وڵاتی شام بە گشتی و شاری حەلەب بە تایبەتی بە "البدر السيوفي يا "بدرالدين الاربلي" یاخود "ابن السيوفي(٢)، ناوبانگی ڕۆیشتبوو. (السخاوي،٢٠٠٣،/١/١٨٠؛ ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣،/٢/١/ص٥٠٦-٥٢٠؛ الغزي،١٩٩٧،١/ص١٨١؛ ابن العماد الحنبلي،١٠،١٩٨٦/ص١٨٥).

دەربارەی ڕەچەڵەک و بنەچەی، (الشيخ الخناجري م: ٩٤٠ک/١٥٣٣ز) دەڵێت: لەگەڵ (البدر السيوفي) بووم لە ڕۆژی ماڵئاوایی لێکردنی (الشيخ شهاب الدين السمرقندي م:٩٠١ک/١٤٩٥ز). (البدر السيوفي) پرسیاری کرد ئایا لەپێشتان یا لەدواتانەوە بڕۆین، وەڵامی دایەوە دەستوری عەرەب چۆنە؟ وتی: دەبێ لەپێشەوە بڕۆین بە شەو و لەدوایانەوە بە ڕۆژ. بەڵام دەستووری عەجەم چۆنە: ئینجا ئەو وتی: ئێمە گوێی پێنادەین)). (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣،١/١/ص٢٣٧-٢٣٨). لەژێر ڕۆشنای ئەوەی خرایەڕوو کە ئاماژە بە عەجەمیەتی دەکات، لەلایەک. لەلایەکی دیکەوە وەکو لە نازناوی دەردەکەوێ بە ڕەسەن هەولێری بووە، کە ناوچەیەکی کوردییە و تائێستاش دانیشتوانەکەی کوردن. و لە پەیڕەوانی مەزهەبی شافعین. بەلەبەریەکڕانانی ئەو زانیارییانە ڕێی تێدەچێت بۆئەوەی بڵێین بە ڕەسەن کوردێکی هەولێری بووە.

**دووەم: لەدایکبوونی**

لە دەوروبەری ساڵی (٨٥٠ یان ٨٥١ک/١٤٤٦یان١٤٤٧ز) لە شاری (حصن كيفا) لەدایکبووە و پێگەیشتووە. (السخاوي،٢٠٠٣، ٣/ص١١٨). بەلام (ابن الحنبلي) لە زاری مامۆستایەکی قوتابخانەیەکی حەلەب ئەوەی چەسپاندوە کە (البدر السيوفي) پێیڕاگەیاندبوو لە شاری حەلەب لەدایکبووە. (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣،١/٢/ص٥١٠). بە دوور نازانرێ باب و باپیرانی لە کۆنەوە هەواری خۆیان لە هەولێرەوە بەجێهێشتبێ و لەحەلەب گیرسابێتنەوە.

**سێیەم: باری کۆمەڵایەتی**

سەرچاوە مێژووییەکان زانیاریمان سەبارەت بە ژیانی خێرانی زاناو ناودارانی کورد نادەن. دەربارەی (البدر السيوفي) ئەوەی هەیە چەند ئاماژەیەکی کورتە کە لە تەمەنێکی گەورە هاوسەرگیری کردووە.

سەبارەت بە منداڵەکانی ئاماژە کچێک و کوڕێکی کراوە. (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣، ١/٢/ص٥٨٨-٥٨٩؛ ٢/٢/ص٤٦٣ پەراوێزی ژمارە (٢)). بەڵام هیچ زانیاری بەردەستنەکەوتووە دەربارەی ژیانیان.

## چوارەم: تایبەتمەندییەکانی جەستەیی و کەسایەتی

مێژوونووسی بەناوبانگی حەلەبی (ابن الحنبلي) لە تەمەنی گەنجیەتی بە دیداری (البدر السيوفي) گەیشتووە، لەبارەی تایبەتمەندییەکانی جەستەیی دەڵێت: ((پیاوێکی باڵابەرز بوو، سەر و ڕیشێکی سپی نورانی و پڕشنکداری هەبوو، ڕێزدار و خاوەن شکۆ بوو، هەرکەس چاوی پێکەوتبا گومانی نەبوو ئەو لە پیاوە مەزن و خاوەن شکۆ و ڕێزدارەکان بوو)). لە سەرەتای تەمەنی پیری ڕیشی بە بۆیە ڕەش دەکرد، بەڵام دواتر بۆیەکردنی ڕیشی جێهێشت تاکۆتایی تەمەنی. هەروەها دەڵێت: ((لەگەڵ باوکم لای دانیشتنم نەمتوانی هیچی بۆ بخوێنمەوە... بە البدر گەیشتم ئامادەبووم لە هەندێک لەوانەکانی... ئاوازی جیای هەبوو، دەنگێکی زوڵاڵ و گەورە و بیستراوی هەبوو)). (ابن الحنبلي الحلبي،١/١٩٧٣/٢/ص٥١٨؛ الغزي،١٩٩٧، ١/ص١٨٢). ئەوەی لەم زانیارییانە تێبینی دەکرێت (البدر السيوفي) کەسێکی بە هەیبەت و شکۆ بوو، جەستەیەکی ڕێک و سیمایەکی گونجاوی هەبوو، تایبەتمەندییەکانی دەنگی و گۆڕینی ئاواز و ئاستەکانی دەنگی لە کۆڕ و وانە زانستییەکانی لەپاڵ ئەو پاشخانە زانستییەی هەیبوو خاڵێکی گرنگ بوو خەڵکان بەجۆشەوە ئامادەی وانەکانی بن.

(البدر السيوفي) سەرۆک و سەردەستەی زانایانی سەردەمەکەی بوو. (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣ ١/١/ص٣٦٥). هەرچەندە زۆر بەخۆی سەرسام بوو و لەگەڵ قوتابیەکانی دەربارەی وشەکان و فتواکان توشی دەنگ بەرزکردنەوە دەبوو. هەروەها هەندێک جار کاتێک باسی زانایەکیان دەکرا لە پلەوپایەیانی دەهێنایە خوارەوە ناکۆک بوو لەگەڵیان بە تایبەتی لەگەڵ هەر یەک لە (الشيخ جبريل، أمين الدين، ابو الوحي الكردي الحلبي الشافعی

م:٩٣٠ک/١٥٢٢ز(٣) ) هەروەها (الشيخ ابراهيم العمادي(٤) ) و چەند زانای دیکەی کورد و دەیگوت: ((اكرد وهم الى الجبال)). (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣، ٢/١/ص٥١٥).

سەبارەت بە (الشيخ جبريل الكردي)، دەستێکی باڵای هەبوو لە بواری شەرعزانی و فتواداندا، لەگەڵ (البدر السيوفي) هاوڕێی یەکتری بوون لە بەدەستهێنانی زانستی فەرمووده لەگەڵ ئەوەشدا پێی دەگوت "جبريل الارض". (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣، ١/١/ص ص٤٥٤-٤٥٨؛ محمد راغب الطباخ الحلبي،١٩٨٩، ٥/ص٤١٠). هەروەها (الشيخ ابراهيم العمادي) لە بنەڕەتدا لە بنەماڵەیەکی بەناوبانگی ئامێدی لە موفتییە بەناوبانگەکانی حەلەب بووە. (ابن الحنبلي الحلبي، ١٩٧٣، ١/١/ص٧٤-٨٣). کەواتە ئەو توانج و ڕەخنە و ناکۆکییانەی لەگەڵ زانایانی کورد کە هاوشان و هاوسەردەمی خۆی بوون، بە دوور نازانرێ لەسەر بابەتەکانی زانست و فتوا بووبێ. کە دەیگوت: ((اكرد وهم الى الجبال)) دوور نییە مەبەستی ئەوە بووبێ بە تێڕوانینی ئەو زانا نەبووینە.

هەر دەربارەی توانج و ڕەخنەگرتنەکانی، موفتی مالیکی (عبدالنبي المغربي م:٩٢٣ک/١٥١٧ز) ساڵی (٩٠٢ک/١٤٩٥ز) هاتە حەلەب لەگەڵ (البدر السيوفي) پێشبڕکێی زانستی ئەنجامدا و بە ناوزڕاندنی موفتی مالیکی (عبدالنبي) کۆتایی هات بەوەی ناوی (عبدالنبي) ناوێکی ناشایستەیە، ناوێک بەندایەتی تێدابێت تەنیا دەبێت بۆ خوای گەورە بێت. (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣، ٢/١/ص٨٦٦-الغزي،١٩٩٧، ص١٢٦٥). هەروەها فەرموودەناس و ڕاڤەکاری قورئان وتاربێژ (محمد ابن الشيخ شرف الدين ابي المكارم الانطاكي الحنفي٠٠٠ - ٩٣٨ک/٠٠٠-١٥٣١ز) کە ناسرابوو بە (ملا عرب)، (البدر السيوفي) حەزی نەدەکرد گفتوگۆی لەگەڵ بکات و دەیوت: ئەو مەلایە عەرەب نییە و شارەزایی نییە و قسەکانی کاری پێناکرێت. (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣، ١/٢/ص ص٢٣٣-٢٣٦). لەژێر

ڕۆشنایی ئەوەی خرایەڕوو دەتوانین بڵێین ئەوە بەشێک بووە لە کەسایەتیی (البدر السیوفي)، بەهۆی ئەو ئاستەبەرزەی لە زانستی شەرعی بە تایبەتی کە موحەدیسێکی بەهرەمەند و هەروەها یەکێک بوو لە چوار لێکۆڵەری مەزهەبەکانی ئیسلام لە شاری حەلەب، ماوەی سی ساڵ موفتی شارەکەی بوو ئەمەش تووشی جۆرێک لە لەخۆباییبوونی کرد، ڕەخنەی لە زانایانی هاوشانی دەگرت.

## پێنجەم: هۆنراوەکانی و پەسنی زانایان و شاعیران

لە دووتوێی سەرچاوەی ژیننامەکان، چەند بەیتە هۆنراوەیەکی (البدر السیوفی) تۆمارکراوە. هۆنراوەکانی لە ئاستێکی بەرز نەبووە، چونکە هۆنراوەی زانایانە. بۆ نموونە بە بەیتە هۆنراوەیەکی سێینە وەڵامی شاعیرێکی کورد دەداتەوە و دەڵێت:

لنظمک نورالدین فضل طلاوة..... غدا ینهب الالباب رونقها نهبا

وفیه معان تسلب العقل سحرها ..... ویسکرنا أضعاف ماتسکر الصهبا

وندک لم یلحق فیه لأجل ذا.... علوت على الأنداد في حلب الشهبا (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣، ٢/١/ص٥٢١-٥٢٢).

واتە: ((ئەی نورالدین هۆنراوەکەی داتڕشتووە تایبەتمەندیی جوانی هەیە، جوانییەکەی بەیانی عەقڵەکان بۆ لای خۆی دەڕفێنێ، لە ڕاستیدا واتاکانیشی کە قەشەنگن عەقڵەکان دەڕفێنێ، ئێمەش مەست دەکا چەندەها جار زیاتر لەوەی شاری حەلەب دەیکا. و تۆش پایەکەت بەرزبوویەوە بەسەر نەیارەکانت لە شاری حەلەبی ڕەنگ سپی)).

نمونەیەکی دیکە لە هۆنراوەکانی:

إلهي فاحفظني وقال: اتكشف الغطا          إذا ما كشفت السر عن كل مضم

ولكن غطاء القلب، فاكشفه سيدي          وأشهدني الأسرارفي كل مظهر (الغزي، ١٩٩٧، ١/ص١٨٢).

واتە: ((پەروەردگارا بمپارێزە، گوتی: تۆ دەتەوێ پەردە لابدەم لەسەر هەموو شاراوەکانم، ئەگەر پەردە لەسەر نهێنییەکانم دابماڵم، ئەی پەردەی دڵ، تۆش ئەو لادە گەورەم، نیشانم بدە هەموو نهێنی و شاراوەکانم)).

هەروەها لە هۆنراوەیەکی دەڵێت:

إذا ما نالت السفهاء عرضي ... ولم يخشوا من العقلاء لوما

كسوت من السكوت فمي لثاما ... وقلت نذرت للرحمن صوما (الغزي، ١٩٩٧، ١/ص١٨٢).

واتە: ((ئەگەر نەزانان شکۆمەندیی من لەکەدار بکەن، و هیچ نەترسای لە لۆمەی عاقڵمەندان، بێ دەنگیم کردە داپۆشەر بۆ زارم، گوتم ڕۆژووم بۆ خودا نەزرکردووە)). وادیارە ئەو دوو بەیتە هۆنراوەی لە کۆتاییەکانی تەمەنی نوسیبێ.

هەروەها لە هۆنراوەیەکی داشۆرین کە وەسفی بانگدەری یەکێک لە مزگەوتەکانی شاری حەلەب دەکات کە ناوی (قاسم) بوو وادیارە دەنگی ناخۆش بوو دەڵێت:

إذا ما صاح قاسم في المنار ... بصوت منكر شبه الحمار

فكم سبابة في كل أذن ... وكم سبابة في كل دار (ابن الحنبلي الحلبي، ١٩٧٣، ٢/١/ص٥٢٢)

واتە: ((ئەگەر قاسم بانگ بدا لەمنارەدا، بە دەنگێکی خراپ بە دەنگی گوێدرێژ دەچی، چەند پەنجەی شایەدمان دەچێتە گوێکان، و چەند خەڵک لەنێوماڵیان جنێوی پێدەدەن)).

(البدر السیوفي) وەکو زانایەکی پایەبەرزی کورد خاوەن پێگەیەکی دیار لەنێو کۆمەڵگای حەلەبی هەندێک لە زانایان و فێرخوازانی ستایشیان کردووە و پێیاندا هەڵگوتووە، لێرەدا بە گرنگ دەزانرێت پەسنی ئەو زانا و فێرخوازانە بخرێتەڕوو، هەر بۆ نموونە (البدر السیوفي) جارێک چۆتە دیمەشق، شاعیری حەلەبی (علي بن محمد (الحصکفي(١٤)) ناسراو بە (الشیخ علاء الموصلي) شعرێکی بۆ نووسیوە و دەڵێت:

لبابک بدرالدین أهدیت مدحة تفوق بذکراک المعتقة الصهبا

لقد کنت عینا في دمشق ولم تزل تجاوز في میدان شقرائها الشهبا

فلا غرو ان فقت النفوس مکتنة بطلعک الغراء في حلب الشهبا (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣، ٢/١/ص٥٢١).

واتە: ((بۆ دەرگای تۆ ئەی بدرالدین ستایشێکم پێشکەش کردی، بەرزتر بێ لەوەی بە یادتدا بێ لە ئازادکراوێکی خوێناوی، بێگومان تۆ چاوێکی دیمەشق بووی وەتا ئێستا، قژ کاڵی خۆڵەمێشیت تێپەڕاند لە مەیدانا، جێگای سەرسوڕمان نییە نووستووەکان وشیاربکەیتەوە، کاتێک دەگەیت بە شکۆداری بۆ شاری حەلەبی ڕەنگ سپی)).

یەکێکی دیکە لەو ئەدیب شاعیر و هونەردۆستانەی ستایشی بەرزیی ئاستی زانستی (البدر السيوفي) کردووە (محمد بن الشمس الدين الدمنكي (م: ٩١١ک/ ١٥٠٥ز) لە شعرێکی دەڵێت:

ولله ولله العظيم وحق من بفوائد العلم الشريف عليك من

فلآنت بحر في العلوم جميعا وجمع ماترويه من لفظ حسن (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣، ١/٢/ص٢٩٩).

واتە ((بەو خوایە، بەوخوایە مەزنە کە حەق و ڕەوایە، کێ لە بواری زانستە بەرزەکان لەتۆ بەسوودترە، بێگومان تۆ دەریایەکی لە گشت زانستەکان، گوفتاری چاکن هەموو ئەو شتانەی گێڕاوتەوە)).

**شەشەم: کۆچی دوایی**

سەبارەت بە کۆچی دواییەکەی لە (مانگی ربيع الاول)ی ساڵی (٩٢٥ک/١٥١٨ز) دوای ئەوەی بە ناحەق لەلایەن قازی حەلەب (زين العابدين ابن الفناري الحنفي م:٩٢٦ک/١٥١٩ز). تووشی ناڕەحەتی و ئازار بوو، بەهۆی هەڵسوکەوتی قازی ناوبراو بەرانبەری بە ماوەیەکی کەم کۆچی دوایی کرد. لە مزگەوتی گەورەی حەلەب نوێژی مردووی لەسەرکرا، بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری خەڵک لە مەراسیمێکی گەورە لە گۆڕستانی (الحجاج)ی حەلەب ئەسپاردەی خاککرا. جگە لە شاری حەلەب کاتێک هەواڵی کۆچی دواییەکەی گەیشتە شاری دیمەشق لە مانگی (ربيع الثاني) لە ڕۆژی هەینی لە مزگەوتی (جامع الاموي) (صلاة غائب)ی بۆ کرا. (السخاوي،٢٠٠٣، ٣/ص ص١١٨-١١٩؛ ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣، ٢/١/ص٥٢٠؛ الغزي،١٩٩٧، ١/ص١٨٢؛ ابن العماد الحنبلي،١٩٨٦، ١٠/ص١٨٦). لەبەرئەو پێگە و ناوبانگەی لە وڵاتی شام بە

گشتی و کۆمەڵگای حەلەبی بە تایبەتی بۆیە خەڵکێکی زۆر ئامادەی مەراسیمی ناشتنەکەی بوون.

مێژوونووسی حەلەبی لە ژیننامەی یەکێک لە سەرۆکی قورئانخوێنانی حەلەب ناسرابوو بە (الشيخ محيي الدين المقرئ ابن المقرئ الحموي الشافعي ٨٦٩-٩٥٦ک/١٤٦٤-١٥٤٩ز)، دەگێڕێتەوە: (البدر السيوفي) قورئانخوێندنی ناوبراوی زۆر لاپەسەند بووە و ستایشی دەکرد. دوای ئەوەی (البدر السيوفي) کۆچی دوایی کرد، گەرووی ئازاری هەبوو نەیدەتوانی قورئان بخوێنێ دەچووە سەر گۆڕی (البدر السيوفي) و دەپاڕایەوە و هەر لەگەڵ گەڕانەوەی گەرووی چاک دەبووەوە و دەیتوانی بە دەنگی بەرز قورئان بخوێنێتەوە. (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣، ٢/١/ص ص٨٣٣-٨٣٤).

**تەوەرەی دووەم: پێگەیشتن و پێگەیاندنی لە زانستدا**

**یەکەم: مامۆستاکانی**

ئەوەی تایبەتە بە پێگەیشتنی کەسایەتیی زانستیی ئەم زانا کوردە زانستی لەسەر دەستی ژمارەیەک شێخ و زانا و موحەدیسی شارەکەی و سەردەمەکەی وەرگرتووە. (ابن الحنبلی) پشتی بە چەند دەستنووسێکی (البدر السيوفي) بەستووە ناوی ئەو زانایانەی تۆمارکردووە کە زانست و بڕوانامەی لەلایان وەرگرت.

لە منداڵییەوە بە هاوڕێیەتیی باوکی لە مزگەوتی الحجازية (جامع الكبير) دەچووە کۆبوونەوەی زنجیرەی دەرسەکان. (ابن الحنبلی الحلبی،١٩٧٣، ٢/١/ص ص٩٤٨-٩٤٩). سەرەتای ژیانی زانستی (البدر السيوفي) بە خوێندنی قورئانی پیرۆز دەستپێکرد، قورئانی بە ناوەرۆکی تەواوەوە لەلای گەورەی قورئانخوێنان وەک (أبی محمد سليمان بن أبي

بكر المبارك شاه الهروي) خوێندووە. ڕاڤەکردنی قورئانی پیرۆزی (البیضاوي) خوێندووە، لەلای (ملازادة الجرخي السمرقندي م:٩٠٠ک/١٤٩٤ز). زانستی قورئانی خوێندنەوە (القرآءات)ی وەرگرت لای (الشیخ علي الجبرتي م:٨٧٨ک/١٤٧٣ز) و (الشیخ جعفر السنهوري م:٩٢٣ک/ ١٥١٧ز). (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣، ٢/١/ص ص٥٠٧-٥٠٨؛ ابن العماد الحنبلی،١٩٨٦، ١٠/ص١٨٥).

لە زانستی فەرمووده، (البدر السیوفي) گرنگی بە فەرمودەدا، (السید علاء الدین بن السید عفیف الدین الحسني الشافعي ٨١٤-٨٨٠ک/١١٤١-١٤٧٦ز) ساڵی (٨٧٠ک/١٤٦٥ز) لە حەلەب بوو، (البدر السیوفي) ئیجازەی لەسەر دەستی وەرگرتووە بە تایبەتی لە کتێبەکانی (الجواهر الفائقة الصفیة في الاحادیث الزواهر العلیة المصطفیة، السیرة النبویة، السیرة الخلفاء الراشدین، الحقیقة في العقیقة). هەروەها لە قوتابخانەی (الحلاویة النوریة)ی حەلەب لای هەمان زانا کۆکراوەی پەرتوکەکانی (جمع الجوامع فی الاحادیث اللوامع) و پەرتوکی (العشرة العشاریة)ی خوێندووە. (ابن الحنبلی الحلبی،١٩٧٣، ٢/٢/ص٣٣٢-٣٣٣).  هەروەها (الفیةابن مالک) و (الفیة ابن معط) و (صحیح البخاري ومسلم) و (شرح ألیفة العراقي)ی لەلای (الشیخ ابن السلامي م: ٩٢٢ک/١٥١٦ز) خوێندووە. (اعراب المنهاج) و(الشفاء)ی لەلای (الشیخ أبي ذر م:٨٨٤/١٤٨٠ز) خوێندووە. ئینجا زانستی تێگەیشتن لە ئاین (الفقه)ی لەلای (الشمس السلامي م: ٨٧٩ک/١٤٧٤ز) خوێندووە. لە (اصول الفقة) هەریەک لە پەرتوکەکانی (شرح المواقف) و (شرح العضد)ی لەلای (الشیخ علي ملا درویش ٨٩٢ک/١٤٨٦ز) خوێندووە. گوێبیستی هەندێک لە کتێبی (الآرشاد) بووە لەلای (الشمس الجوجري م:٨٨٩ک/١٤٨٤ز). (ابن الحنبلي) لەسەر زاری (البدر السیوفي) دەگێڕێتەوە کە فەرمودەی لە حەلەب و دیمەشق و قاهیرە و مەککە خوێندووە، وەکو لە نامەیەکی هاتووە لەکاتی گەڕانەوەی لە حەج نووسیبووی زۆربەی فەرموودەکانی لە شام و مەککە نووسیبووەوە، ئەو فەرمودانەی بۆ شێخە

باوەڕپێکراو و باڵاکان (ذوي الاسانيد العالية) خوێندبووەوە. هەروەها (الفية العراقي) بەشێوازی ئەزبەرکردن بۆ ئیمامی مزگەوتی ئەمەوی کە زاهدی بەناوبانگی دیمەشق بوو، خوێندەوە. بەم جۆرە بڕوانامەی فتوادان و وانەوتنەوەی پێ بەخشرا. (السخاوي، ١٩٨٦، ١٠/ص١٨٥؛ سبط ابن العجمي،١٤١٧، ١/ص٣١؛ ابن الحنبلي الحلبي، ١٩٧٣، ٢/١/ص٥١٠-٥١٨؛ الغزي، ١٩٩٧، ١/ص١٨١).

له زانستی (الكلام) پەرتوکەکانی (شرح الطوالع) و (شرح المقاصد) و (الكافية ابن حاجب)ی لەلای (الشيخ نصرالله الخلخالي م:٩٢٦ک/١٥١٩ز) خوێندووە. هەروەها لەلای (الشيخ علي کەناسرابوو ملا درويش ٨٩٢ک/١٤٨٦ز) کتێبەکانی (اصول الدين و المنطق و المعاني) خوێندووە. (الشيخ عبدالرحمن بن خليل الأذرعي م:٨٦٩ک/١٤٦٤ز) يەکێکی دیکە بوو لەو زانایانەی کە (البدر السيوفي) ساڵی (٨٦٧ک/١٤٦٢ز) گوێیگرتووە لە هەندێ لە پەرتوکە دانراوەکانی بە تایبەتی (بشارة المحبوب بتكفير الذنوب). هەروەها لە زانستی کێش و سەروا پەرتوکی (القسطاس)ی لەلای (علي شاه الهروي) خوێندووە. لەبواری بیروباوەڕ پەرتوکی (حاشية شرح العقائد)ی لەلای (الكمال أبى شريف م:٩٠٦ک/١٥٠٠ز) خوێند و ڕێپێدان و بڕوانامەی پێبەخشی. لە زانستی پزیشکی کتێبی (الحاوي) لەلای (الكمال بن أبي شريف) خوێندووە. سەرەڕای وڵاتی شام، جگە لە حەلەب و دیمەشق، کاتێک بەنیازی بەجێهێنانی فەریزەی حەج ساڵی (٨٦٦ک/١٤٦١ز) ڕووی کردە شاری مەککە لای زاناکانی ئەو شارە زانستی وەرگرتووە. وەکو لە دەستنووسێکی (البدر السيوفي) هاتووە شاری قودس یەکێکی دیکەبوو لەو ناوچانەی زانستی لێ دەستخست. (سبط ابن العجمي،١٤١٧، ١/ص٣١؛ ابن الحنبلي الحلبي، ١٩٧٣، ٢/١/ص٥١٠-٥١٨؛ الغزی، ١٩٩٧، ١/ص١٨١).

هەوڵەکانی (البدر السيوفي) بۆ گەیشتنی بە خزمەت زانا پایەبەرزەکان و بەدەستخستنی زانست، ئەوی گەیاندە ئاستێکی زانستیی بەرز چەندین زانستی جۆراوجۆری وەرگرتووە، بەڵام گرنگی تایبەتی بە فەرموودە دابووە فەرمایشتزانێکی بەهرەمەند کۆڕ و کۆبوونەوەکانی لە مێژووی ژیننامەی شاهێدی ئەو ڕاستییەن.

**دووەم: سەرەتاکانی وەرگرتنی زانست**

مێژوونووسی حەلەبی لە زاری (البدر السيوفي) دەگێڕێتەوە لە شاری حەلەب پێگەیشت، ژمارەیەک پەرتوک و سەرچاوەی گرنگی جگە لە قورئانی پیرۆز، پەرتوکی (المنهاج(٥) والارشاد(٦) والفية العراقي(٧) والسيرة النبوية لابن هيشام ومنهاج البيضاوي(٨) والشاطبية(٩) والكافية (١٠) والطوالع (١١) و الشمسية (١٢) وتصريف العزي (١٣))ی تێدا ئەزبەرکرد. (ابن الحنبلی الحلبی،١٩٧٣، ٢/١/ص٥١١). کۆتا زانا و لێکۆڵەری شافعی (خاتمة محقق الشافعية)ی حەلەب بوو لە سەردەمی مەمالیک. (ابن الحنبلی الحلبی،١٩٧٣، ٢/١/ص٥٠٦؛ الغزی، ١٩٩٧، ١/ص١٨٠). فەرمایشتزانێکی بەهرەمەندبوو لەگەڵ ئەوەشدا دانراوی هەبوو لە زانستی تێگەیشتن لە ئاین (الفقه) بە ناونیشانی (حاشية على شرح المنهاج للمحلي) هەروەها لە زانستی ڕێزمانی عەرەبی (النحو) بە ناوی (الحاشية على شرح الكافية المتوسط). (الغزي،١٩٩٧، ١/ص١٨٢؛ابن العماد الحنبلي، ١٩٨٦، ١٠/ص١٨٥-١٨٦؛ البغدادي، ١٩٥١، ١/ص٢٨٩؛ البغدادي،د.ت،٤/ص ٢٥٨).

**سێیەم: قوتابییەکانی**

لە زانا فەرموودەناسەکانی حەلەب بوو لە مزگەوتی (الاموي)کۆڕ و دانیشتنی فەرمودەی هەبوو. (ابن الحنبلي الحلبي،١،١٩٧٣/١/ص٣٤٩). لە پێشەوەی زانایانی سەردەمەکەی هەروەها لە مامۆستا بەناوبانگەکانی مزگەوتی گەورەی حەلەب بوو، وانەی بە قوتابییان دەگوتەوە، شێوازی

قسەکردنی ئارام بوو. (ابن الحنبلي) لە هەندێک لە دەرسەکانی کە تایبەت بوون بە زانستی فەرموودە (مواعيد الحديثية(١٥)) ئامادەدەبوو، وەسفی کردووە، لەم دەرسانە زانستی جیاجیای بەکاردەهێنا، بە دەنگە زوڵاڵ و بەرزەکەی فەرموودەی (المسلسل بالاولية (١٦))ی بە گوێی ئامادەبوان دەچڕاند، ڕێگەی بە قوتابیانی دابوو لە زاری ئەو فەرموودە بگێڕنەوە بە مەرجێک گێڕانەوەکە لەسەر زاری ئەو (البدر السيوفي) بێت وەکو (اسناد). لەماوەی ژیانی هەندێک نازناوی وەکو (العلامة، الشيخ الامام، شيخ الاسلام)ی وەرگرت. (ابن طولون،١٩٩٨، ١/ص١٠٢؛ ابن الحنبلی الحلبی، ١٩٧٣، ٢/٢/ص٥٩٤؛ الغزي،١٩٩٧، ١/ص١٨١؛ ابن العماد الحنبلي،١٩٨٦، ١٠/ص١٨٥). بەهۆی ئەو ئاستە بەرزەی ئەو نازناوانەی وەرگرت کە بەهەموو کەس ناگوترێ.

لەوانەی قوتابیی ئەو زانا و موفتیە کوردە بوونە لە دوایی بوونەتە زانای ئاینیی گەورە، خاوەنی کتێبی (در الحبب) ناوی (هەژدە) زانا و کەسایەتی هێناوە و باسی لێوەکردوون، ئەم قوتابییانەش لە ناوچەی جیاجیای ئیسلامی هاتوونەتە خزمەتی بۆ وەرگرتنی زانستی جیاواز. قوتابییەکانی بوونە خاوەن ناوبانگێکی بەرز لە سەردەمی خۆیاندا لە بواری زانست و فێربوون خەڵک سەردانیان کردوون و زانست و زانیارییان لێوەرگرتوون.

لەپێشەوەی هەموو زانایانی کورد کە ناوی هاتبێ لەلای (البدر السيوفي) زانستی وەرگرتبێ (شيخ الاسلام، برهان الدين، الحلبي الشافعي، ناسراو بە (ابن العمادي٨٨٠-٩٥٤ک/١٤٧٥-١٤٧٥ز)، زانستی زمان و ڕێزمانی عەرەبی (اللغة العربيةوالنحو)ی لەلای (البدر السيوفي) خوێندووە، بە تایبەتی کتێبەکانی (العضد(١٧)) و(المطول(١٨))). (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣، ١/١/٧٣-٨٤؛ الغزي، ١٩٩٧، ٨١/٢). هەروەها (الشيخ موفق الدين أبو ذر الحلبي الشافعي (٨٨٦-٩٦٢ک/١٤٨١-١٥٥٤ز) هەندێک (الفية

الحديث(١٩)) و (الشفاء)ى لاى (البدر السيوفي) خوێندووه. (ابن الحنبلي الحلبي، ١٩٧٣، ١/١/ص١٦٥-١٦٦). (حسين بن أحمد الأطعاني الموصلي العزازي الحلبي الشافعي م: ٩١٢ك/١٥٠٦ز) ناسراو به (ابن الأطعاني) سەرقاڵی وەرگرتنی زانست بوو لای (البدر السيوفي) به تايبەتی له زانستی زمانی عەرەبی و ژیربێژی. (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣، ٢/١/ص٥٤٠؛ الغزى،١٩٩٧، ٨٦/١). (الشيخ عزالدين الحمصي الحلبي القسطنطيني م:٩٧١ك/١٥٦٣) لەلای (البدر السيوفي) زانستی وەرگرتووه به تايبەتی له زانستی (النحو) كتێبی (الجرومية(٢٠)) و له زانستی (الصرف) كتێبی (تصريف الغزي) هەروەها له زانستی گەردووناسی كتێبی (متن الجغميني). (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣، ٢/١/ص٥٩٠؛ الغزى،١٩٩٧، ٣/ص١٣٣). (علي بن بكار السرميني الشافعي م:٩٤٥ك/١٥٣٨ز) قورئانی پیرۆزی لەلای (البدر السيوفي) خوێندووه. (ابن الحنبلي الحلبي، ١٩٧٣، ٢/١/ص٩١٩؛ الغزي،١٩٧٣، ٢/ص٢٠٢). هەروەها (الشيخ قوام الدين الحبشي الحلبي الشافعي م:٩٢٤ك/١٥١٨ز) كتێبی (الارشاد)ی لەلای (البدر السيوفي) خوێندووه و گوێیگرتووه له هەندێك له وانەكانی به تايبەتی له مزگەوتی گەورەی حەلەب. (ابن الحنبلي الحلبي، ٢/١،١٩٧٣/ص١٥٥- ١٥٦؛ الغزي، ١٩٩٧، ١/ص٢٦). (الشيخ شمس الدين الحريري الانطاكي الحلبي الحنفي ٨٩٠- دەوروبەری٩٦٠ك/١٤٨٤-١٥٤٤ز) لەلای (البدر السيوفي) زانستی خوێندنەوەی قورئان كتێبی (الجزرية(٢١))ی خوێندووه. (ابن الحنبلي الحلبي، ١٩٧٣، ١/٢/ص٢٨٦-٢٨٧). هەروەها (الشيخ الامام العلامة شمس الدين أبو عبدالله العيني الاصل، الحلبي الحنفي ٨٧٥-٩٥٧ك/١٤٧٠-١٥٥٠ز)، يەكێكی ديكەبوو لەو زانايانەی لای (البدر السيوفي) زانستی وەرگرتووه. (ابن الحنبلي الحلبي، ١٩٧٣، ١/٢/ص١١٨-١١٩؛ الغزي،١٩٩٧، ٢/ص٧). (الشيخ شمس الدين م: ٩٦٩ك/١٥٦١ز) ناسراو به (ابن الجردون) لەلای (البدر السيوفي) خوێندوويەتی ساڵی (٩٢٤ك/١٢٣٤). (ابن الحنبلي الحلبي، ١٩٧٣، ١/٢/ص٣٨٣-٣٨٤). نابێت زانای سۆفی بەناوبانگ (عبدالرحمن بن أحمد الجامي ٨١٧-٨٩٨ك/١٤١٤-١٤٩٢ز) لەبيربكەين

ساڵی (٨٧٧ک/١٤٧٢ز) به دیداری (البدر السیوفی) گەیشت و مۆڵەتی زانستی لێوەرگرت. (ابن الحنبلي الحلبي، ١٩٧٣، ٢/١/ص٧٦٠). وادیارە ئافرەتانیش زانستیان لای وەرگرتووە لەنێویشان خاتوونی زانا و ئەدیب و سۆفی (عائیشة بنت الباعوني م:٩٢٢ک/١٥١٦ز) هاتە حەلەب ساڵی (٩١٩ک/١٥١٣ز) لەگەڵ (البدر السیوفی) کۆبووەوە و لەپشت پەردە زانستی لێوەرگرت. (ابن الحنبلي الحلبي، ١٩٧٣، ٢/١/ص١٠٦١). ئەمانە و چەندین کەسایەتی دیکەی لەسەر دەستی ئەم زانا هەولێرییە زانستیان وەرگرتووە لە دوایی بوونەتە زانای ناودار. (بڕوانە: ابن الحنبلي الحلبي، ١٩٧٣، ٢/١/ص٥٣١، ٢/١/ص٩٤٨، ٩٧٩، ٢/١/ص٣٠-٣١، ٩٠، ١١٨-١١٩ ، ٢٥٦).

هەر دەربارەی ڕۆڵی زانستی (البدر السیوفي)، یەکێک لە پیاوماقوڵانی شاری حەلەب (الشیخ زین الدین أبو حفض المرعشي م:٩٣٨ک/١٥٣١ز) پێگەیەکی دیاری هەبووە لەنێو کۆمەڵگای حەلەبی و چەندین پایە و پۆستی وەرگرتووە، لە ژیننامەی هاتووە ناوبراو لە زانستی تێگەیشتن لە ئاین (الفقة) بەرەوپێشچووە و لە هاوڕێکانی بەهرەمەندتربووە لەم بوارە دوای ئەوەی هاوڕێیەتی (شیخ الاسلام البدر السیوفي)ی دەسکەوت و لە کۆڕ و دانیشتەکانی ئامادەبوو لە مزگەوتی گەورەی حەلەب نزیک ئەو دادەنیشت (ابن الحنبلي الحلبي، ١٩٧٣، ٢/١/ص١٠٢٧-١٠٢٨).

خاوەنی کتێبی (در الحبب) سەربوردەی ژیانی یەکێک لە قوتابییەکانی کە ناوی (الشیخ شهاب الدین الطبي م:٩٦٧ک/١٥٥٩ز) بوو دەگێڕێتەوە: ئاگرێک لە ماڵی کەوتەوە بەهۆیەوە سەروەت و سامانێکی زۆری سوتا، توشی سەرئێشەیەکی توند هات، نەیتوانی لە یەکێک لەوانەکانی (البدر السیوفي) ئامادەبێت، پرسیاری لێکرد لەبارەی هۆکاری ئامادەنەبوونەکەی، ئەویش هۆکارەکەی باسکرد، (شیخ البدر السیوفي)یش سەرزەنشتی کرد چونکە پێشتر پێیڕاگەیاندبوو لە فەرموودەیەکی پێغەمبەر(دروودی خوای

لێبیت) هاتووە: ((ئاوی زەم زەم بۆ ئەو مەبەستەیە کە لەپێناویدا دەخورێتەوە)). فەرمانی پێکرد بە خواردنەوەی ئاوی زەم زەم دەبێتە چارەسەری سەرئێشە و خەمەکانی، ئەویش خواردیەوە و ڕاستەوخۆ چاکبووەوە، ئیتر دوای ئەم ڕووداوە (الشیخ شهاب الدین الطبي) خەریکی کڕینی ئاوی زەم زەم بوو لە مەککەوە دەیهێنا حەلەب و دەیبەخشییە کەسانی نەخۆش و پەککەوتە، مەبەستیشی لەم کارەی تەنیا ئەوە بوو کەوا خۆی سوودی لە ئاوی زەم زەم بینیوە. (ابن الحنبلي الحلبي، ١٩٧٣، ١/١/ص٢٠٥-٢٠٦). بە دەگمەن زانایەکی حەلەبی لە کۆتاییەکانی سەردەمی مەمالیک و سەرەتاکانی دەسەڵاتی عوسمانی بەرچاو دەکەوێت لای (ابن السیوفي) زانستی وەرنەگرتبێ. بەم شێوەیە ئەم زانا کوردە دەستەیەک زانای گەورەی پێگەیاند و پێشکەشی کۆمەڵگای حەلەبی کرد لە قورئانخوێن و فەرموودەناس و موفتی و فەقێ و بوارە جیاوازەکانی دیکەی زانست.

## تەوەرەی سێیەم: پێگەی لەنێو کۆمەڵی زانایانی حەلەب

### یەکەم: پێگەی زانستی لەناو زانایانی شاری حەلەب

(البدر السیوفی) زانایەکی پایەبەرز و سەردەستەی زانایانی سەردەمەکەی بوو، بووە جێگای سەرسوڕمانی سەردەمی خۆی، هۆکاری کۆبوونەوەی هاوتەمەنەکانی بوو لە زانایان، دوای ئەوەی لە ناوچەی جیاواز زانستی جیاجیای خوێند گەڕایەوە شارەکەی خۆی (حەلەب) بۆ سوود گەیاندن، خەڵک سوودیان لە زانستەکانی وەرگرت، بووە مامۆستا و موفتی و ساغکەرەوە و وردبینکار و شارەزای ئاین لە شارەکەی، کەسێکی پارێزکار و خواناس و بەڕەوشت بوو. (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣، ٢/١/ص٥١٥؛ الغزي، ١٩٩٧، ١/ص١٨١).

وەکو خستمانەڕوو، (البدر السیوفي) سەردەستە و سەرۆکی زانایانی حەلەب بوو لەمیانەی ئەو بەرپرسیاریەیتەوە بە ئەرکی خۆی هەڵساوە ئەگەر زانایەک بەهرەمەند بە زانستەکەی نەبوایە لە ئەرکەکەی دووری دەخستەوە وەک ئەوەی ڕوویدا لە مزگەوتی گەورەی حەلەب (الشیخ أبو زید الحیشی م:٩٢٤ک/١٥١٨ز) دەکەوتە هەڵە لە وەعز و ئامۆژگارییەکانی بۆیە ڕێگری لێکرد و لە تەختی وتاردان دووری خستەوە، چونکە شیاونەبوو بۆ ئەو کارە و ئەرکی بانگدانی پێسپارد. (ابن الحنبلی الحلبی،١٩٧٣، ١/٢/ص٢١٠). وەکو زانایەکی بەهرەمەند لە زانستە شەرعییەکان، لەنێو دەستەی زانایانی شارەکەی و سەردەمەکەی بوو لە دادگای حەلەبی لە پرسە ئاینییەکان ڕاوێژی پێدەکراو لە دانیشتنەکانی دادگا ئامادەدەبوو. (لەم بارەیەوە بڕوانە: ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣، ١/١/ص٦١-٦٦). هەروەها لە ماوەی ژیانی چەند پۆست و ئەرکێکی گرنگی پێسپێردرا لە مزگەوتی (باب الاحمر(٢٣)). (ابن الحنبلی الحلبی،١٩٧٣، ٢/١/ص ٨٨٦)

وەک نمونەیەکی مێژوویی لە هەڵوێستێکی (البدر السیوفي)، کاتێک (محمد بن القاضي الخراساني(٢٤)) ناسراو بە (ابن السني) هاتە حەلەب و لە مزگەوتی گەورەی حەلەب نیشتەجێبوو ژوورێکی چوارگۆشەی لەسەر شێوەی کەعبەی پیرۆز دروستکرد، ئەمە بوە هۆی توڕەبوونی دەستەیەک لە زانایانی حەلەب لەنێویشان (البدر السیوفي) کە هەڵسا بە ڕووخاندنی ژوورەکە، لە شوێنی کۆمەڵگایەکی گەورەی بۆ زانایانی ئاینی دروستکرد، (ابن السني) سکاڵای تۆمارکرد لەلای سوڵتانی مەملوکی (قانصوه الغوري ٩٢٢ک/١٥١٦ز)، ئەو زانایانەش بۆ سوڵتانیان نووسی ئەو کارەیان کردووە تەنیا لەبەرئەوەی ناگونجێ لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامی، بۆیە سوڵتانیش جگە لە بێدەنگی لە ئاست ئەم کارە هیچ هەڵوێستێکی دیکەی نەبوو. (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣، ١/٢/ص ص١٨٣-١٨٤)

**دووەم: پێگەی لە فتوادان**

بەپێی زانیارییەکانی مێژوونووسی حەلەبی، (البدر السيوفي) سەردەستەی زانایانی سەردەمەکەی بوو لە شارەکەی، گرنگترین ئەو ئەرکانەی وەریگرت لە شاری حەلەب ئەرکی فتوادان بوو. ئەگەرچی سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە ناکەن ساڵی چەند بۆتە موفتی بەڵام بەپێی ڕیوایەتە مێژووییەکان دەردەکەوێت ساڵی (٨٩٥ک/١٤٨٩ز) موفتی حەلەب بووە و بەردەوام بووە لە فتوادان تا لە ساڵی (٩٢٥ک/١٥١٩ز) کۆچی دوایی کردووە. (ابن طولون، ٢٤٨/١٩٩٨،١؛ ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣ ،٢/١/ص٥٢٠). بەمەش دەردەکەویت ماوەی سی ساڵ موفتی حەلەب بووە.

ئەگەرچی زانایەکی بەهرەمەندبوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندیی لەگەڵ جێگری سوڵتان لە حەلەب (أركماس جركسي ٩٠٦-٩٠٧ک/١٥٠٠-١٥٠١ز) باش نەبوو، ئەمەش لەمیانەی ڕووداوێکەوە دەرکەوت، هەروەکو مێژوونووسی حەلەبی دەیگێڕێتەوە، (البدر السيوفي) لەگەڵ جێگری سولتان لە حەلەب تووشی دوژمنایەتییەک بوو، بەهۆی ئەوەی (البدر السيوفي) ((لە مەزهەبەکەی خۆی فتوایەکی دا بۆ هاوسەرگیری کەسێک لەگەڵ کچی برای کە لە زینابووە پاش ئەوەی دیاریی گرانبەهای وەرگرتبوو، کابرا ئافرەتەکەی هێنا، ئەم فتوایەش لەگەڵ حەز و ئارەزووی (أركماس) نەدەگونجا، بۆیە هەڕەشەی لە (البدر السيوفي) کرد دەیکوژێ ئەگەر بێتە خانەی دادوەری (دار العدل). دوای ئەم ڕووداوە (أركماس) خوانێکی گەورەی ئامادەکرد، هەموو دانیشتوانی حەلەب لەپیاوماقوڵ وخەڵکانی چینی گشتی بانگ کردبوو، (الشيخ البدر السيوفى) لەخۆیەوە بێ ئەوەی بانگهێشتکرابێ لەخوانەکە ئامادەبوو، (أركماس) لەنێو ئاپۆرای ئەو خەڵکە بە گاڵتە بە شێخی گوت: یا شێخ لەبەر خاتری ئەم ڕیشەت دوعایەکم بۆ بکە و لای خوا بپاڕێوە، چونکە شێخ ڕیشی بۆیە دەکرد، ئەویش شەرمی لە ڕیشی کرد، ئینجا قازی حەنبەلی (جمال الدين الحنبلي

٨٢٦–٩٠٠ك/١٤٢٣–١٤٩٤ز) كتێبی (الشيب والخضاب)ی (ابن الجوزي) پێدا، كە تیایدا هاتووە ڕێگەپێدراوە مرۆڤ سەروڕیشی بۆیە بكات، شێخ ئەم پەرتوكەی نەدیتبوو و نەیبیستبوو بۆیە داوای لە (جمال الدين الحنبلي) كرد بۆی بنێرێ، ئەویش بۆی نارد و خۆشەویستی و پەیوەندیی زیاتر لە نێوانیان دروست بوو. دوای ئەم ڕووداوە بۆیەكردنی ڕیشی جێهێشت)). (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣، ٢/١/ص٥١٩–٥٢٠).

ئەوەی لەم دەقەی مێژوونووسی حەلەبی دەردەكەوێت:

١. ئەم ڕووداوە دەبێت ساڵی (٩٠٦ یا ٩٠٧ك/١٤٩٩ یا١٥٠٠ز) ڕوویدابێت، چونكە (أركماس) جاری یەكەم ساڵی (٩٠٦ك/١٤٩٩ز) بۆتە جێگری سوڵتان و دوای چەند مانگێك لە پۆستەكەی لادرا، ساڵی (٩٠٧ك/١٥٠٠ز) بۆ جاری دووەم ئەو ئەركەی وەرگرتەوە.

٢. دەربارەی فتواكەی (البدر السيوفی)، ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە لە مەزهەبی شافعی  ڕێگەپێدراوە چونكە كچەكە ناگەڕێتەوە بۆ پیاوەكە بەگوێرەی نەژاد. هەروەها لە شەرع میراتیش لەو پیاوە ناگری. (النووي،١٩٩١، ٧/ص١٠٩)

٣. وەكو لە دەقە مێژووییەكە هاتووە، ((ئەو فتوایە لەگەڵ حەز و ئارەزووی جێگری سوڵتان (اركماس جركسی) لە حەلەب نەدەگونجا)). كەواتە دوور نییە اركماس حەزی كردبی خۆی هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو كچە بكا بۆیە هەڕەشەی لە (البدر السيوفي) كرد دەیكوژێ ئەگەر بێتە خانەی داد و فتوای حەلالبوونی هاوسەرگیری بۆ ئەو كەسە دەربكات. هەرچەندە فتواكەش ڕاست و دروست بووە بەگوێرەی مەزهەبی شافعی.

٤. جێگری سوڵتان (ارکماس) ئەو فتوایە دەکاتە بیانوو بۆئەوەی لە کەسایەتیی (البدر السیوفي) بدات بۆیە بانگهێشتشی ناکات بۆ خوانەکە و لەنێو خەڵکەکە گاڵتەی پێ دەکات هەرچەندە بۆیەکردنی ڕیش سەرپێچیی شەرع نەبووە. هەروەها ئەگەر (البدر السیوفي) زانیاری هەبوا دەربارەی کتێبی (الشیب والخضاب) کە ڕێگەپێدراوە مرۆڤ سەروریشی بۆیە بکات ئەوا دوور نییە وەڵامی ارکماسی بداباوە. لەگەڵ ئەوەشدا دوای خوێندنەوەی ئەو کتێبە (البدر السیوفي) ڕاستەوخۆ دوورکەوتەوە لە ڕیش بۆیەکردن.

وادیارە تاکۆتاییەکانی تەمەنی هەر موفتی حەلەب بووە، هەندێک گرێبەستی هاوسەرگیری ئەنجامدا بۆیە لەلایەن قازی حەلەب (زین العابدین بن محمد شاه الفناري الحنفي م:٩٢٦ک/١٥١٩ز) توشی ئازار و ناڕەحەتی و سوکایەتی بووەوە. مێژوونووسێک باسی ئەو ناڕەحەتی و ئازارەی قازیی حەلەب دەکات. ((البدر السیوفي گەورە و موفتی شاری حەلەب بوو هەندێک گرێبەستی هاوسەرگیری (عقد الزواج)ی مۆرکرد لە ڕۆژگاری ئەودا، بەبێ مۆڵەتی قازی (زین العابدین بن الفناري الحنفي)، هەروەکو ئەوەی کە لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی مەمالیکی جەرکەسی کاری پێدەکرا و باوبوو، بێ ڕاگرتنی مارەبڕین لەسەر ئیزنی قازییەکان، چونکە لە ڕووی شەرعەوە کەموکورتی تێدانییە و پێویستی بە پسولەی مارەبڕین نەبوو. ئینجا فەرمانی بە (البدر السیوفي) کرد هەرکاتێک گرێبەستی هاوسەرگیری مۆرکرد پێویستی بە ڕێپێدان و ڕوخسەتی قازی و پسولە هەیە، زۆریی پسولەکان بەگوێرەی زۆریی گریبەستەکان بوو. بەڵام ئەو قسەکانی پشتگوێ خست گرێبەستی هاوسەرگیری بۆ کەسێک ئەنجامدا بێ ڕێپێدانی قازی، کاتێک قازی بەمەی زانی ناردی بەدوای (البدر السیوفي) و داوای لێکرد بە پیادە تابەردەرگای مالی قازی بێت، کاتێک چوو، قازی جنێو و قسەی ناڕەوای ((ئەی سەگ، ئەی نەزان دەستت دەبڕم))ی پێگوت، شێخیش (البدر السیوفي) وەڵامی داوە گوتی:

((من هيچ نيم تەنيا بە زانست پارێزەری ئەم ناوچەیەم ئەگەر بتوانی دەستم ببڕی ئەمە ڕەتناکرێتەوە))، ئینجا (البدر السیوفي) ناردی بەدوای سەرۆکی قازییەکان (کمال الشافعي ٨٧٤-٩٥٦ک/١٤٦٩-١٥٤٩ز) داوای لێکرد پێش ئەو بچێتە کۆبوونەوەکە تاکو قازی هەڵوێستی نەشیاو ئەنجامنەدات بەرانبەر بە (البدر السیوفي). قازی (ابن الفناري) فەرمانی کرد شەو لە ماڵی (محضر باشي(٢٥)) بمێنێتەوە تا دواتر فەرمان لەبارەیەوە بدات. سەرۆکی قازییەکان بە (ابن الفناري) گوت: دەتەوێ چ بکەی ئەفەندی دەتەوێ کارێک بکەی خەڵک لەبەر دەرگامان کۆبنەوە؟ ئەمە کارێکی ئەستەم و نەکردەیە. ئینجا لەلای قازی ڕۆیشت و دووبارە هاتەوە و یەک لە پیاوماقوڵانی شاری حەلەب (الشیخ زین الدین عمر بن المرعشي) لەگەڵ خۆی هێنا کە هاوڕێیەتییەکی گەرم و گوڕی لەگەڵ قازی (ابن الفناری) هەبوو، ئەویش سووربوو لەسەر ئەوەی کە هیچ لێپێچینەوەیەک لەگەڵ (البدر السیوفی) نەکات و هاوکاری بێت، هەرواشی کرد)). (ابن الحنبلي الحلبي، ١٩٧٣، ٢/١/ص٦٤٩-٦٥٠). دوای ماوەیەکی کەم لەم ڕووداوە (البدر السیوفي) لە خەمان و لەبەر هەڵسوکەوتی نەشیاوی قازی ناوبراو بەرانبەری کۆچی دوایی کرد. (ابن الحنبلي الحلبي، ٢/١،١٩٧٣/ص٥٢٠، ٦٤٩-٦٥٠؛ الغزي،١٩٩٧، ٢٠/١؛ محمد راغب الطباخ الحلبي، ١٩٨٩، ٥/ص٣٨٤). لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی خرایەڕوو دەکرێ بگوترێ:

١. ئەو گرێبەستانەی مۆری کردبوون لە ڕووی شەرعەوە هیچ کێشەیەکیان نەبوو. هەروەها لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی مەمالیکی جەرکەسی بۆ گرێبەستی هاوسەرگیری مەرج نەبوو ڕێپێدانی قازی وەربگیرێ.

٢. ئەگەرچی کارەکەی موفتیی کورد ناکۆک نەبووە لەگەڵ شەریعەت، بەڵام دەبینین موفتیی کورد هیچ هەڵوێستێکی نەبووە بەرانبەر

سوکایەتیکردنی قازی تەنیا وەڵامیداوەتەوە بەوەی بە زانست پارێزەی ناوچەکەیە.

٣. دوای ڕووخانی دەوڵەتی مەمالیکی جەرکەسی، عوسمانییەکان هەموو کاروباری ئیداریی دەوڵەتیان ڕێکخستەوە لەم چوارچێوەیەشدا بۆ گرێبەستی هاوسەرگیری دەبوو ڕێپێدانی قازی وەربگرن لەگەڵ پسولەی گرێبەستی هاوسەرگیری، بەڵام موفتیی کورد پابەندی یاسا ئیدارییەکانی عوسمانییەکان نەبوو بۆیە تووشی کێشە بوو لەگەڵ قازیی شارەکە (محمد بن شاه الفناري).

٤. بەرزیی پلەوپایە و پێگەی ئەو زانا کوردە دەردەخات بۆیە پیاوماقوڵانی شارەکە بەرگری لێ دەکەن لای قازی تاکو هیچ هەڵوێستێکی نەشیاو بەرانبەری نەنوێنێت.

٥. (البدر السیوفي) بەردەوام بوو وەکو موفتی حەلەب تاکو کۆچی دوایی کرد. مێژوونووسی حەلەبی کە هاوسەردەمی کۆچی دواییەکەی بوو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەم زانا پایە بەرزە بە ناحەق لەلایەن قازی (زین العابدین بن محمد شاه الفناري الحنفي) ئازاردراوە، هەر بەوهۆیەوە کۆچی دوایی کردووە.

٦. دوور نییە قازیی حەلەب (زین العابدین الفناري) لێی بەبیانوو بووبێت.

## ئەنجام

لە ئەنجامی قوڵبوونەوە بەنێو دەقە مێژووییەکان و خستنەڕووی زانیارییە مێژووییەکان لەمەڕ ڕۆڵی (البدر السيوفي الاربلي)ی کوردی لە زانست و فتوا، دەگەینە ئەو ئەنجامە:

١. وەکو لە نازناوەکانی دەرکەوت (البدر السيوفي الاربلي) باب و باپیرانی لە بنەڕەتدا خەڵکی هەولێر بوونە، واشپێدەچێ لە کۆنەوە هەواری خۆیان لە هەولێرەوە بەجێهێشتووە و لە شاری حەلەب گیرساونەتەوە و تیایدا نیشتەجێبوونە.

٢. دەرکەوت کە ئەم زانایە سەردەستەی زانایانی سەردەمەکەی بووە، لە زانا مەزن و خاوەن شکۆ و ڕێزدارەکانی شاری حەلەب بووە بەهۆی ئەو ئاستە بەرزەی لە زانستی ئاینی هەیبووە جێگای سەرسوڕمانی هاوسەردەمی خۆی و هۆکاری کۆبوونەوەی هاوتەمەنەکانی بووە لە زانایان، کەسێکی وردبین و خۆگر و دوور لە تاوان بووە.

٣. شانبەشانی زانایانی دیکەی شارەکەی، سەرکەوتووبوو لە پەروەردەکردن و ئامادەکردنی دەستەبژێرێکی دەوڵەمەند بە زاست لە زانای قورئانخوێن، موحەدیس، موفتی، فەقێ و بوارە جیاوازەکانی دیکەی زانست.

٤. فەرمایشتزانێکی بەهرەمەندبوو، ماوەی سی ساڵ موفتی حەلەب بووە، سەربەخۆ بوو لە فتودان نەکەوتۆتە ژێر کاریگەریی دەسەڵاتداری سیاسیی شاری حەلەب. هەروەها دڵسۆزبوو بۆ ئاین و کارەکەی. ئەوەش شانازییەکی گەورەیە بۆ کورد لە مێژوو و شارستانی ئیسلامی.

## پەراوێزەکان

(١) الحصكفي: ئەم ناوە دەگەرێتەوە بۆ (حصن كيفا)، یەک لەقەڵا و شارە بەناوبانگەکانی دیاربکرە لە هەرێمی جەزیرە، مەڵبەندی ژمارەیەک هۆز و سەرداری کورد بووە، لە بەناوبانگترین هۆزە کوردییەکان مهرانی، بەشنەوی، ورشان، شکاک و چەندان هۆزی دیکە. (یاقوت الحموی،د.ت، ٢/ص٢٦٥؛ بەدلیسی،١٩٨١،ل٣٣٠؛ بنگلي،٢٠٠٥ /ل١٨٤).

(٢) السیوفي: لەبەر ئەوەی باوکی پیشەی دروستکردنی شمشێر (السیوف) بوو. (السخاوي،الضوء اللامع،٢٠٠٣، ٣/ص١١٨).

(٣) الشیخ جبریل: الشیخ أمین الدین، ابو الوحي الکردي الحلبي الشافعی م: ٩٣٠ک/١٥٢٢ز) لە مامۆستا و موفتییە ناودارەکانی حەلەب بوو، پێگەیەکی چەسپاوی هەبوو لە فتوادان. (الشیخ امین الدین) کەسێکی دیندار و خێرخواز و سادە و خاکی بووە. بەردەوام خەریکی فێرکردنی قوتابیان بووە لەوانەکانی فقە و زمانی عەرەبی و چەندان وانەی دیکە. بەهرەمەند بوو لە زانستی (النحو)، لە قوتابخانەیەکی حەلەب وانەی زانستی (النحو)ی دەگوتەوە و دانراویشی هەبووە لەم بوارە بە ناوی (شرح الاجرومیة). (ابن الحنبلي الحلبي،١٩٧٣، ١/١/ص ص ٤٥٤-٤٥٨؛ ابن العماد الحنبلي، ١٩٨٦، ١٠/ ص ص ٢٣٨-٢٣٩؛ الغزي،١٩٩٧، ١/ ص ص ١٧٣-١٧٤؛ الغزي،١٩٩٠، ٢/ ص ٦١؛ ابن راغب الطباخ، ١٩٨٩، ٥/٤١٠).

(٤) الشیخ ابراهیم العمادي: ابراهیم بن عبدالرحمن بن محمد ناسراو بە الشیخ الاسلام برهان الدین ابن الشخ العالم العامل العلامة زین الدین العمادي) لە بنەڕەتدا لە بنەماڵەیەکی کوردی خەڵکی ئامێدی بوو، لە حەلەب بە (ابن العمادي) ناوبانگی دەرکردبوو، چونکە باوکی لە زانا دیار و پایەبەرزەکانی نێو کۆمەڵگەی حەلەبی بوو. (برهان الدین العمادي) ساڵی (٨٨٠ک/١٤٧٥ز) لە حەلەب لەدایکبووە و پێگەیشتووە، لەلای زانا بەناوبانگەکانی ئەو شارە لەنێویشیان زانایانی کورد وەک (الشیخ ابراهیم بن أحمد بن یعقوب، برهان الدین الکردي القصیري الشافعي الیشبکي و بدرالدین السیوفي) زانستە ئاینییەکانی وەرگرتووە، لەگەڵ ئەوەی مامۆستا بووە لە مزگەوتی (الاعظم و العصرونیة). لە بواری فیقهی ئیسلامی

زانستێکی باشی هەبوو هەتا دەیگوت ((من هیچ نازانم تەنیا فقه نەبێت)). ساڵی (٩٥٤ک/١٥٤٧ز) لە حەلەب کۆچی دوایی کردووە. (ابن الحنبلی الحلبی، ١٩٧٣، ١/١/ص ص ٧٤_٨٣؛ الصویرکی، ٢٠٠٥،ص ١٠).

(٥) المنهاج: ئەوەیان کتێبی (منهاج الطالبین في مختصر المحرر وفروع الشافعیة)ی (امام النووي م: ٦٧٦ک/١٢٧٧ز)ه. (حاجي خلیفة،د.ت ، ٢/ص١٨٧-١٨٧٦).

(٦) ارشاد: ئەوە کتێبی (الارشاد في فروع الشافعیة)ی (شرف الدین اسماعیل بن أبي بکر بن المقرئ الیمني الشافعي م: ٨٣٦ک/١٤٢٧ز). (السخاوي،٢٠٠٣،٢/ص٢٩٢؛ الشوکاني، د.ت، ١/ ١٤٢؛ حاجی خلیفة، د.ت،٢/ص١٨٧٨).

(٧) الفیة العراقي: ئەو کتێبە تایبەتە بە زانستی فەرمووده لە دانرەوەکانی (زین الدین عبدالرحیم العراقي م:٨٠٦ک/١٤٠٣ز). (حاجي خلیفة، د.ت، ١/ص١٥٦).

(٨) منهاج البیضاوي: لە (اصول الفقه)، کوتکراوەی (للقاضي الامام ناصرالدین عبدالله بن عمر البیضاوي م: ٦٨٥ک/ ١٤٦٢ز). (حاجي خلیفة، د.ت، ٢/ص١٨٧٨).

(٩) الشاطبیة: ئەوەیان قصیدەیەکی بەناوبانگی (الشیخ أبی محمد القاسم الشاطبي الضریرم:٥٩٠ک/ ١١٩٣ز) (حاجي خلیفة، د.ت،١/ص٤٤٦).

(١٠) الکافیة :ئەوە کتێبی (الکافیة)ی (الشیخ جمال ادین أبي عمرو عثمان بن عمر م:٦٤٦ک/ ١٢٤٨ز) ناسراو بە (ابن الحاجب المالکي النحوي) (حاجي خلیفة، د.ت،٢/ص ١٣٧٠).

(١١) الطوالع: ئەوەیان کتێبی (الطوالع الأنوار فی الاصول الکلام)ی (القاضي عبدالله بن عمر البیضاوي م:٦٨٥ک/١٤٦٢ز). و چەند شرۆڤەکردنێکی هەیە لەوانە: (مطالع الانظار). (حاجي خلیفة، د.ت، ٢/ص١١١٦).

(١٢) الشمسية: ئەم کتێبە لە دانراوی (نجم الدين: عمر بن على القزويني م:٧٦٦ك/١٣٦٥ز) تایبەتە بە زانستی ژیربێژی. (حاجي خليفة، د.ت،٢/ص١٠٦٣).

(١٣) تصريف العزي: ئەم کتێبە ناسراوە بە (تصريف الزنجانی) لە دانراوی (عزالدين أبو المعالي بن عبدالوهاب بن على الشافعي م: ٦٥٥ك/١٢٥٧ز) تایبەتە بە (زانستی الصرف). (حاجي خليفة، د.ت،١/ص٤١٢، ج٢،ص١١٣٨؛ البغدادي، ١٩٥١، ١/ص١٢).

(١٤) علي بن محمد الحصكفي الشافعي م:٩٢٥ك/١٥١٩ز: دوای ئەوەی چووە حەلەب و تیایدا نیشتەجێ دەبێت و لای زانا بەناوبانگەکانی ئەو شارە دەخوێنێ لە ڕیزی کەسانی پایەبەرزی حەلەب بوو پۆستی دادپەروەری هەبوو، لە نووسینگەی شایەتدان (مكتب الشهادة)ی نزیک دەرگای قەڵای حەلەب دادەنیشت، ناوبراو گرنگیی زۆری بە کارەکەی دەدا ئامانجی ئەوەبوو بگاتە لوتکە لە سوودگەیاندن بۆ کۆمەڵگا، بەردەوام بوو لە پۆستەکەی تا ڕووخانی دەسەڵاتی مەمالیک. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (ابن الحنبلی الحلبی، ١٩٧٣، ١/١/ص٩٧٩_٩٨١) .

(١٥) مواعيد الحديثية: ئەو کاتانە بوو کە تایبەتکرابوو بۆ گوتنەوەی وانەی فەرموودە. (ابن الحنبلي الحلبي، ١٩٧٣، ٢/١/ص٥١٨ پەراوێزی ژمارە (١٠) ). هاوشێوەی خشتەی وانەکانی ناوەندە زانستییەکانە لە ڕۆژگاری ئێستادا.

(١٦) السملسل بالاولية: واتە  فەرموودەی ئەڵقەبەندی–_ زنجیرەیی. ئەو جۆرە فەرموودانەی پێغەمبەر(سڵاوی خوای لێبێت) کە لە سەنەد و گێڕانەوەیان تایبەتن، وەک ئەوەی کە دیمەشقی گێڕابیتییەوە لە کۆتاوە تا سەرەتایەکی بێ بڕانەوە. یان وەک ئەو فەرموودانەی کە هاوشێوەی ئەوەن لە گێڕانەوە لە سەرەتاوە تا کۆتایی. مەبەست لە ئەڵقەبەندی لە سەرەتا و وەک فەرمودەی "الراحمون يرحمهم الله تبارک وتعالى. يا عبادي ارحموا من في الأرض يرحمكم من في السماء" هەر یەک ڕەچاوی ئەوەی پێشووتری دەکات: ئەوە یەکەم فەرموودەیە کە لەوەوە گوێبیستی بووبم. (ابن الحنبلي الحلبي، ١٩٧٣، ١/١/ص٧٧

پەراوێزی ژمارە(١)؛ النووي، ٢٠١٤، ص ص ١٤_٢١، بڕوانە : يحيى الشهري، ٢٠٠٥).

(١٧) العضد يان العضدي: ئەوە كتێبى (الاضاح في النحو)ى ئيمام (أبي على حسن بن أحمد الفارسي النحوي م:٣٧٧ك/ ٩٨٧ز)،ئەم كتێبە پێكدێت لە ١٦٩ باب كە تايبەتە بە بابەتەكانى (النحو الصرف). (حاجي خليفة،د.ت، ٢/ص١١٤٢).

(١٨) المطول: شرۆڤەكردنى (سعدالدين التفتازاني)ە، بۆكتێبى (تلخيص المفتاح للقزويني)ى ناسراو بە (خطيب دمشق م:٧٥٦ك/١٣٥٥ز) . (حاجي خليفة، د.ت، ٢/ص ١٧٢٢).

(١٩) الفية الحديث: ناسراو بە(الفية العراقي في اصول الحديث)ى (الشيخ الامام الحافظ زين الدين عبدالرحيم بن الحسين العراقي م: ٨٠٦ك/١٤٠٣ز). (حاجي خليفة ، د.ت ، ١/ص١٥٦).

(٢٠) الجرومية يا الاجرومية: تايبەتە بەزانستى (النحو) دەگەرێتەوە بۆ (أبي عبدالله محمد بن داود الصنهاجي م: ٧٢٣ك/١٣٢٣ز). (حاجي خليفة، د.ت، ٢/ص ١٨٩٦).

(٢١) الجزرية: ناوێكى بەربڵاوە بۆ پەرتووكى (متداول) لە زانستى خوێندنەوەى قورئان، ناونيشانە ڕاستەقينەكەى (المقدمة في تجويد القرآن) دانرايە لەلايەن (الشيخ محمد بن محمد الجزرى م: ٨٣٣ك /١٤٢٤ز). حاجي خليفة، د.ت،٢/ص ١٧٩٩).

(٢٢) قوتابخانەى دلغادرية لە بيت المقدس، مير (ناصرالدين محمد بن دلغادر) كرديە وەقف، دواى ئەوەى خێزانەكەى (مصر خاتون) ئاوەدانى كردەوە و وەقفى كرد ساڵى (٨٩٧ك/١٤٩١ز). (محمد كرد علي،١٩٨٣ ،٦/ص١٢٢).

(٢٣) مزگەوتى (باب الاحمر): ئەوە مزگەوتى (أوغلبك)ە، لەلايەن (مير عثمان الحلبى الحنبفى ٠٠٠_ ٨٨٥ك/ ٠٠٠_١٤٨٠ز) بنياتنرا، وەقفێكى زۆرى بۆ دابينكرا

لەحەلەب کە ڕێکخرابوو لەلایەن ئیدارەی ئەوقاف. (ابن الحنبلي الحلبي، ١٩٧٣، ٢/١/ص ص ٨٨٤_٨٨٦؛ الغزي، ١٩٩٨، ٢/ص ٢٩٩).

(٢٤) محمد بن القاضی الخراسانی: کەسێکی خۆشەویست بوو، لە سەرەتای ژیانی ناتەواوی لە عەقڵی هەبوو، دەچووە چیای القیساریە لە وڵاتی ڕۆم. لەسەر دەستی پیاوچاکێکی حەلەب بە ناوی (السید عبیدالله الهمداني) چاکبۆوە و هاتە حەلەب لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی (خیر بک). لە سێیەکی سەدەی (١٠ک/١٦ز) لە حەلەب کۆچی دوایی کرد. (ابن الحنبلي الحلبی،١٩٧٣، ١/٢/ص١٨٣–_ ١٨٤).

(٢٥) المحضر باشي _نقیب الرسل: بەرپرس بوو لە گەیاندنی نامەکانی ئاگادارکردنەوە و سکاڵاکان. ئەو کەسە سکاڵا و داواکاریی داوالێکراو و گەواهیدەر _ شاهێدەکانی و پێداویستییەکانی دادگاکردنی ئامادەدەکرد بەر لە بەڕێوەچوونی پرۆسەی دادگایکردن و دادبینی. (ابن الحنبلی الحلبی،١٩٧٣، ١/١/ص ٤٢ پەراوێزی ژمارە (١٠)).

**لیستی سەرچاوەکان**

**یەکەم: سەرچاوە رەسەنەکان بەزمانی عەرەبی و کوردی**

**حاجي خليفة، مصطفى بن عبدلله (ت:١٠٦٧هـ /١٦٥٦م)**

- كشف الظنون عن اسامي الكتب و الفنون، منشورات مكتبة المثنى، (بغداد: د.ت ).

**ابن الحنبلي، رضي الدين محمد بن ابرهيم بن يوسف الحنبلي(ت:٩٧١هـ/١٥٦٣م)**

- در الحبب في تاريخ أعيان حلب،تحقيق: محمود أحمد الفاخوري ويحيى زكريا عبارة، (دمشق:١٩٧٣).

**سبط ابن العجمي، أحمد بن إبراهيم بن محمد بن خليل، موفق الدين (ت: ٨٨٤هـ /١٤٧٩م )**

- كنوز الذهب في تاريخ حلب، دار القلم،(حلب:١٤١٧هـ/١٩٩٦م)

**السخاوي،شمس الدين ابوالخيرمحمد بن عبدالرحمن بن محمد (ت:٩٠٢هـ /١٤٩٧م)**

- الضوء اللامع لأهل القرن التاسع، دار مكتبة الحياة، (بيروت:٢٠٠٣) .

**الشوكاني، محمد بن علي بن محمد بن عبد الله الشوكاني اليمني (المتوفى: ١٢٥٠هـ)**

- البدر الطالع بمحاسن من بعد القرن السابع، دار المعرفة ،(بيروت ،د.ت).

**ابن طولون، شمس الدين محمد (ت:٩٥٣هـ/١٥٤٥م)**

- مفاكهة الخلان، تحقيق : خليل المنصور، دار الكتب العلمية، (بيروت :١٤١٨هـ/١٩٩٨م).

**ابن العماد الحنبلي،ابو الفلاح عبد الحي (ت:١٠٨٩هـ/١٦٧٨م )**

- شذرات الذهب في أخبار من ذهب، تحقيق :محمود الآرناوؤط، دار ابن كثير، (بيروت:١٩٨٦).

**الغزي، نجم الدين (ت:١٠٦١هـ/١٦٥٠م)**

- الكواكب السائرة بأعيان المائة العاشرة، تحقيق: خليل منصور، دار الكتب العلمية، (بيروت:١٩٩٧).

**الغزي، شمس الدين ابو المعالي محمد بن عبدالرحمن بن الغزي، (ت: ١٣١٥هـ/ ١٨٩٧م )**

- ديوان الاسلام، تحقيق : سيد كسرون حسن دار الكتب العلمية، (بيروت:١٩٩٠).
- نهر الذهب في تاريخ، دار القلم، ط٢، (حلب : ١٤١٩هـ /١٩٩٨م).

**النووي، أبو زكريا محيي الدين يحيى بن شرف النووي (المتوفى: ٦٧٦هـ)**

- روضة الطالبين وعمدة المفتين، تحقيق: زهير الشاويش، المكتب الإسلامي، بيروت،ط٣، (عمان: ١٩٩١م)

**ياقوت الحموي، شهاب الدين بن عبدلله(ت: ٦٢٦هـ/١٢٢٩م )**

- معجم البلدان، دار صادر، (بيروت: د.ت).

**بەدلیسی**، مير شرف خان بن شمس الدين بن شرف خان الروزکی (ت: ١٠١٠هـ / ١٦٠١م)

- شەرەفنامە، ( ب.ش: ١٩٨١ ).

**دووەم : ژێدەرەکان**

**البغدادی، اسماعيل بن محمد أمين بن مير سليم البابانى البغدادي، (ت:١٣٩٩هـ).**

- ايضاح المكنون في الذيل على الكشف الظنون عن السامي الكتب والفنون،(بغداد:د.ت).

- هدية العارفين أسماء المؤلفين وآثار المصنفين، دار احياء التراث العربي، (بيروت:١٩٥١)

**بنگلی، سيبان حسن علي**

- حصن كيفا دراسة في تاريخها السياسي والحضاري (١٢٠٠-١٣٠٠م)،دارسبيريز للطباعة والنشر، (دهوك:٢٠٠٥).

**محمد راغب الطباخ الحلبي**

- اعلام النبلاء بتاريخ حلب الشهباء، صححه وعلق عليه: محمد كمال، دار القلم العربی،ج٥، ج٦ ، (حلب : ١٩٨٩)

**محمد علي الصويركي الكردي**

- معجم أعلام الكرد في التاريخ الاسلامي والعصر الحديث في كردستان وخارجها، مؤسسة زين، (السليمانية:٢٠٠٥).

**محمد كرد علي، محمد بن عبد الرزاق بن محمد كرد على (ت: ١٣٧٢هـ)**

- خطط الشام، مكتبة النوري، ط٣،(دمشق : ١٤٠٣هـ/١٩٨٣م).

**يحيى بن عبدالله الشهري،**

- النفحة الالهية في شرح الحديث المسلسل بالاولية ، دار ابن حزم، (بيروت:٢٠٠٥).

**صالح بن محمد بن عبدالفتاح**

- الجزء المسلسل بالاولية والكلام عليه للامام الحافظ علي بن داود العطار الشافعي (٦٥٤_٧٢٤هـ)، مجلة الوعي الاسلامي، الاصدار: ٨٣ ، (كويت: ٢٠١٤).

**الملخص:**

هذه الدراسة الموسومة، البدر السيوفي الاربلي(٨٥١-٩٢٥هـ/١٤٤٧-١٥١٨م)، دوره في العلم والفتوى. دراسة عن دور محدث كوردي مشهور، كان مفتيا لمدينة حلب لمدة ثلاثين عاما، وله منزلة اجتماعية مرموقة داخل المجتمع الحلبي عند العامة والخاصة، قدم خدمات جليلة عن ألحضارة الاسلامية للمجتمع الحلبي. هذه الدراسة اضافة الى المقدمة والخاتمة، يتظمن ثلاث محاور رئيسة، المحور الاول يتظمن سيرته وشخصيتة، أما المحور الثاني فيتطرق الى نشأته ونبوغه العلمي، أما المحور الثالث فقد خصص لمنزلة هذا العالم في المجتمع الحلبي.

**Abstract:**

The present historical research “Al- Badr Al- syooofi Al-Erbilly 851-925A.H/1447-1518A.D” in science and Fatwa. is a study about  the role of his Kurdish Master of Prophetic Tradition as a famous personality. He became the Mufty of Aleppo City for thirty years possessing a high social position within the Aleppo community among the public and famous personalities. During his life time, he presented important services to the Islamic Civilization in Aleppo society. This research consists of three axiss preceded by an introduction and followed by a conclusion axis. conciusion Axis one deals with biography and the prominent personality of Al-Erbilly. Axis two is concerned with his scientific life. The final axis tackles the position of this scientist in the Aleppo community.